www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-6-2007 23:28

## کەی قیامەت دێت؟ ... زانکۆ محەمەد ئەحمەد

لەوەتەی مرۆڤ هەبووە هەردەم خەریکی خۆگەورەکردن و خۆ بەزلکردن و خۆبەدیارخستن بووە، هەرچەندە ئەمڕۆو لەسەدەی ئەوپەڕی پێشکەوتن و شارستانیەتدا جۆرە مرۆڤێك هەن کە کارو پیشەیان بۆ خزمەت و پڕکردنی گیرفان و دروستکردنی ڤێللاو دەیان شتی دیکە تەرخانکردووە.
مرۆڤی گشت سەردەمەکان گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ مرۆڤی چاغەکانی رابردوو و لەگەڵ مرۆڤی دواقۆناغی ژیان واتە: (قیامەت) ئەوا زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێت کە دەکرێت نووکە قەڵەمێکیان پێدا بهێنین و کەمێك بەلایەنی خراپیان باسیان لێوە بکەین.
ئەم مانشێتەی کە لەسەرەوە نووسراوە هەڵقولاوی برێکی زۆر لەو کێشانەن کە ئەمڕۆ بەدەست چەند کەسێکی نەفس نزم و خۆ بەزلزانەوە هەزارەها کەسی دی دەکەنە خۆڵی بەرپێیان، ئەوانیش زۆر روون و ئاشکران، ئەوانەن کە خۆیان بە بەرپرسی ژیانی ئێمە دادەنێن، تەنها ئاو هەوا ماوە بەدەستیان نەبێت، گەر ئەوەشیان بۆ بلوێت لێمانی دەکەن بە پارە، یاخود لێمانیان قەدەغە دەکردو دەیانگوت ئەوە موڵکی خەبات و قوربانیدانی ئێمەیەو مافی ئێوەش ( ... ... ... ) .
مرۆڤی ئاخر زەمان نیشانەکانی لەوەدا بەدەر دەکەوێت کە هەمیشە بەدوای خۆیاندان و ئەوەی کە بۆ خۆیان مشوری لێدەخۆن و شەونخونی بۆ دەکەن، بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەشیان بەپێچەوانەوە هەر بە درۆی گەورەو دەیان وشەی رەنگکراو دەخەنە باری قەناعەتەوە. نیشانەکانیان لە قسەو گفت و پەیمان و جارجاریش وشەی (دەبێ) کۆتایی پێدێت، کە هەر هەموویان باش لای خەڵکی ئاشکران کە لە قسەی نارێکی سەرزاری نەبێت هیچی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێت.
لە ئاخرزەماندا کۆمەڵێك نیشانەو بەڵگەی ئایینی و مرۆیی هەن کە دەکرێت دەقاودەق لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستاماندا بەرواردی بکەین، هەرچەندە پێویست بە بەراوردکردن ناکات، چونکە هەر هەموویان ئێستاکە هاتوونەتەدی و لەچاوەڕوانیی هاتنی کەری دەجال و موحەمەدی مەهدی و پاشانیش هاتنەخوارەوەی عیسای پێغەمبەرین.
گەر باس لە رەوشی عێراق بکەین ئەوا دەردەکەوێت بۆمان کە عێراق ئێستاکە لەگەڵ یەکێك فەرموودەکانی پێغەمبەرمان محەمەد (د. خ) هاتۆتەدی، ئەویش دەرکەوتنی کانیەك لە زێڕە کە لە روباری دیجلە (گەر بە هەڵە نەچووبم)، ئەم نیشانەیە ئێستا لە عێراقدا بەشێوەیەك روودەدات گەر کەسێکی زۆر شارەزا (بمبوورن من نا) نەبێت، نازانێت کەوا یەکێك لە گەورەترین نیشانەی ئاخر زەمان چییەو سەرەتاکەی چییە؟ ئەمەیان هاتۆتەدی و هەموو گەلانی عێراق کەوتوونەتە گیانی یەکدی و لەپێناو دەستکەوت و پلەو بەدەستهێنانی موڵك و سەرمایەو داهات کە هەموویان لە خالێکی زۆر گرنگدا کۆدەبێتەوە ئەویش (نەوتە)، ئەم میللەتە بەناچار مەزڵوومەی عێراق بە گەلی کوردیشەوە تێکەڵی یەکتربوونەو بەدوای ئەو کانیە زێڕە کەوتوون و هەر یەکێکیان دەیەوێت ببێت بە خاوەنی و ئەوی دیکەش قبووڵی ناکات، هەربۆیە ناچار دەبن پەنا بۆ کوشتن و کوشتاری خوێناوی بەرن بۆ گەیشتنیان بەو (زێڕە)، ئەمەیان لەلایەك، لەلای خۆمانیش واتە (کوردستان) گەر بەراوردێکی خێرای پێدا بکەین، ئەوا باش بۆمان روون دەبێتەوە کەوا سەرکردەکانمان هەروەکو هەمان سەرکردەکانی عێراق ئەمانیش لە خەمی خۆیان و کورسی و مانەوەیانن لە دەسەلات و رێگاش بەکەسی دیکەش نادەن گەر بیەوێت بەلای ئەو شتە جوانانەدا تێپەڕێت پێی دەڵێن (ممنوع دخول)، بەڵێ ئەمانیش جگە لەوەی لە خەمی کانیە (زێڕەکەی) عێراقن لەلایەکی تریش بەدوای کانیەکانی دیکەن لە کوردستان، رەنگە لەگەڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 23:28 14-6-2007

خوێندنەوەی ئەم بابەتی مندا کۆمەڵێك رای جیاواز بۆ خوێنەران دروست ببێت، کە دەکرێت هەندێك لە راکانیان بریتی بێت لەوەی کە سەرکردەکانمان مافی سەرەکی خۆیانە بەو ئامانج و دەسەڵاتی خۆیان بگەن، بەڵام ناپرسن ئەو مافانە کێ بەدی هێنا؟ راستە ئەوان سەرمەشقی گشت شۆڕش و راپەڕینێك بوونە لە کوردستان، بەڵام خۆ ناشکرێت رۆڵ و قوربانیدانی میللەتیش بەیەکجاری فەرامۆش بکرێت، میللەت رق و کینەی خواردۆتەوەو تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت تۆزقاڵێك لەو رق و کینانەی کە لەسەردەمانی رابردوو هەیانبووەو چەشتوویانە کەم نەبۆتەوە، بگرە ئێستا زیادی کردووە، ئەوان کردیان و کەچی ئێستا کەسانی نامەسئولی ناشۆڕشگێڕ دەیخۆن.. !!

میللەت هەقی خۆیەتی بە ئازادی بژیت، بەڵام ئەو ئازادی و شەفافیەتە نا کە سەرکردەکانی ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە ئەو پەیڤانە زۆر لەیەکترەوە دوورن و بە چەندین سەدەی دیکەش مەحاڵە بەیەك بگەن، راستە ئازادی و شەفافیەت هەیە، بەڵام (دیموکراسی) دەکرێت بگوترێت هەر بوونی نییەو، ئەوەی ئەوانیش (سەرکردەکانمان) بانگی لێدەدەن، هەرهەموویان لەبەرخاتری چاوی سووری ئەمەریکایە، دەنا کوردو ئازادی، کوردو دیموکراسی، کوردو شەفافیەت، ئەمانە هەموویان وشەی قۆڕن، واتە بەکەڵکی ژیانی ئەمڕۆی ئێمەی میللەت نایەت، بەڵام ئەمانە بۆ میللەت هەروەکو خەونی بنەوشەیی وایە، میللەت داوای چی دەکات و ئەوانیش چیمان پێشکەش دەکەن؟؟؟؟

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوە بیڵێم کورد هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بووە کە وەکو مار بەوی دیکەوە بدات، ئەمە کولتووری کورد بووەو مێژووش گەر بە هەڵە نەنووسرابێت ئەمەی دووپاتکردۆتەوە...

Zanko_jaf@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.